ە لە بەردەم باخچەی زەبیحی
ەوەک جاران چاوڕڕی خەشەویستەکانیان بکەن؟
ەچەند دڵی تیادا شکاوە،
ەچەنێک پەیمنی تیا دراوە
ەچەندیش ژووانی تیا بەستراوە
ە هەندەی هەموویان بیرت دەکەم
ەخێ دەزانم بە هودەیێ
ەئیتر ئەوە دڵی منە بە ئەقڕیێ!

ەبیرت دەکەم
ەچرنووکی تووند لە ەانی خێ ئەگرم و
ەددانم لەیەکتر گیر دەکەم و
ەپەنجەکانم تووند لە زەوی دەچەقێنم و
ەنینۆکەکانم دەشکێنم و
ەتەکڕڕی وردە زیخ و خڕڕیان دەکەم
ەئیتر دەزانم ئەم قسانەی ئەیانکەم

ئەو کردارانەش
بە چاوی تە نابینرێ، بە گوێی تەدا ناچڕ!
نە کاتت هەیە تەماشایان بکەی، نە بیانخوێنیتەوە!
تە بەدەنگی موزیک
ئاهاتووی
پاساری بێت بخوێنە
هەستی لە خۆو
چماندنەوە و شینی دوورە دەستێک!
ئەو میهرەبانییەشت بیردەکەم.

بیرت دەکەم
ئەتوانی نەپرسی
درێژە بە ئازار کەشانم دەدەم و
خۆ دەکەم بە بریندەکانمدا
خ دەزانم تە لە تاڵەرە بەرزەکەتەوە
خانەچکە خنجیلەکەی من نابینی!
خ دەزانم تە مەرهەمی ئازارەکانی من نیت،
ئەوەندە قوڵ دەبن بریندەکان
خەیاڵم نووقم ئەکەن و تەش زیاتر گوشار دەخەیتە سەریان تا لە
فیچقەکردن نەوەستن.

بیرت دەکەم
لە دووەم گەورەترین شار
غەریبم و بە تەنیایی هەدەکەم
قەرەباغ ی و دەنگەدەنگی نە سوکنایی بە دەدا دەنێ نە دەنگی
تیادا دەبیستم.

هاوڕێی جگەرێک و
کەمەرێک کتێب و هۆزنامەی بە دە دەکەم
ئەو هۆزە هۆزنامە فرۆشکە دەیگوت:
بە ئەوەندە گەشبینیت چیتە وا هەمیشە پەدەکەنیت؟
ئەو چۆن درک بەو دۆ تەنگەی من دەکا
کە پەرژین کراوە بە خەم.

بیرت دەکەم
باران خۆ خۆ دەباری
بەرووسکەی ئازار تەنگی پە هۆچنیبووم
ناچار بەرەو نەخشانە کەوتمە

چوومە پرستگە و بە ووێکی گشتوە پاش چاوەوانی پەرستارەکە وتی فەرموو بۆ ژوورەوە
ددانەکانم ئەوندە زەردبوون دکتۆرەکە بەرلەوەی لە نزیکەوە تەماشای بکا وتی:
ددانت ووپشی ئاتوونکردووە!
ئە تومەس بەئاگایە
قەهر و کشانی جگەرە ئەو دەنگەی پە بەخشیووە.

دەیان موسافیر دەژانە لەم وستگە بە ئەو وستگە هاتووچە دەکەن
کچی لەخەم تەنیاتر نابینم
دەزانی لە پەڕەی دەماندکدا نووسراوە
دەکان هاودەنگی یەکتر دەکەن
پە دەچە ئەو دەرە بە مستی نووسەرەکەی نووسیبەتی
ئاخر کەی ئەوە هاستە؟
بیرت بکەم.

شوان شەفیق
٩/٤/٢٠٢٣

ترازان.. سەلام عومەر

هەرکاتێك هەبژاردن نزیك دەبێتەوە لەبری یەکێزی نیشتمانی دروشم و توانجەکان لە یەکتری دەبێتە هۆکاری ترازان و ئەو ئومێدەش کاڵ دەکەنەوە کە بەهۆی رۆکەوتنە ستراتیژیەکانەوە هاوپاتیان دڵخۆش دەکا، بەتایبەت سەقاگیری ئابووری کە لەوەتەی سەربەخۆیی ئابووری راگەیەنرا ئەو سەقامگیرییە لە بەین چووبوو.
ئێستا دەسەپاتی دوو بنەماڵەکە لەبری رەخساندنی کەشکی لەبار بۆ هەبژاردن و لە پاڵیشیدا رەواندنەوەی ئەو نیگەرانیەی هاوپاتیان بەرامبەر لەدەستدانی ئابووری سەربەخۆ و زۆر دڵسیەی دی کە لەوانەیە لە ئایندەدا بەرۆکی هەرەم بگرێ، دێن تەمەت بە یەکتری و قسە بۆ ترازان دەکەن لەبری هاودەنگی نیشتمانی، بەتایبەتیش ئێستا تۆپە کەمەڵایەتیەکان پە بووە لە رەخنەی جدی لە دەسەڵات و ئەو بەرنامە شکستخواردوانەی لە سی ساڵی تەمەنیدا بەسەر هاوپاتیانی

سەپاند، بەزەقیش رەنگدانەوەی حزبایەتی لە نێو جومگەکانی دەسەڵات و پشگۆخستنی توێژی هەژاران و لاوان بەگشتی بۆتە دیاردە .
ئەگەر مەبەستمان بێت دادپەروەری کۆمەڵایەتی پەیوەکەین دەبێت کۆمەڵگەیەکی ئازاد دوور لە چەوساندنەوە لەسەر بناغەی فێدانی ناکۆکییە چینایەتیەکان دابمەزرێ، لەکاتێکدا خەبات بۆ بەرژەوەندییە گشتیەکان لەپێشەوەی تایبەتیەکان بێت و تەواوی چین و توێژەکانیش لە چوارچێوەی دامەزراوەیەکی پتەو کۆبکرێنەوە، تا هیچکام لە توێژە جۆراو جۆرەکان هەست بە پەراوێزخستن نەکەن و هەموان خۆیان بەبەرپرسیار بزانن کار بۆسەرخستن و پێشکەوتنی بکرێ.
هەمیشە لینین کۆمەڵگای بەگرنگ زانیوە سەرنجی دەخستە سەر بەرنامەو بیروراسیاسیەکان و بەرژەوەندی چینەکانیشی دەخستە پێشەوەو لەکۆدا خزمەتی زیاتر بەخوارەوە کرابا لەوێدا دروشمەکانی هەڵدەهێنجا، دەچێ ناو تەواوی توێژە جۆراوجۆرەکان و گوێی لێدەگرتن، داواکاریەکانی بەهەند وەردەگرت و بۆی جێبەجێ دەکردن، ئەو بەئاشکرا دژی سەرمایەداری و چەوساندنەوە بوو، پشت و پەنای زێرینە بوو توانیبووی وڵات بە سیستەمێکی پتەو بپارێزێ.
بەڵام ئەزموونی چەند ساڵەی حوکمڕانی لێرە زێر جاران پێچەوانەی زانستە سیاسیەکانەو هەمیشە ئەو توێژانە بێ هیوا دەکرێن کە بنەڕەی پشتی کۆمەڵگان، ئەوەتا لاو کە هێزێکی دیارو بەرچاوە و هەموو وڵاتێك پشت ئەستوورە بەم وزەو توانایە، کە لە ڕێگەی ئەم توێژەوە گێڕانکاری بنچینەیی و داهێنان بەرهەم دێت، پشتگوێ خراوە، بەتایبەتیش کە وڵات لە توێژی مشەخۆرەوە ئاراستەی بەرهەم هێنان دەکات، لێرە لاو کەوتۆتە نێوەندی ئەو پەراوێزەی لە سەرەوە باسمان کرد، بۆیە بەسەدانیان خۆیان بەئیجە داداو هەزارانیش نیشتمانیان جێهێشت، بەتایبەتیش تەواوی دروشم و بەڵێنەکانی سەردەمی هەڵبژاردنەکانی پێشووتر خرانە ئەستۆی بارودۆخە سیاسیەکان و بە بیانووی قەیرانەکان کە هەر خۆیان هۆکاری بوون، ئەم توێژەش بەتاقی تەنێ لەسەر شەقامەکان بەجێمان و ساڵ بەساڵیش بۆکاری شۆڵگیرانەتر یەخەیان دەگرێ، هەروەك چۆن جوتیارانیش خرانە لیستی موچەخۆرانی حزبی و خواستی بەرهەم هێنانیان ریشە کێش کردو هەیاندانە بەر دەرگای حزبیەکان و فۆری دەست پانکردنەوەو سەرەگرتنەکیان کردوون کە ئیدی نەتوانای جەماکرنی هەرەوەزی و وەشاندنی دانەوێلەو گرتنی داسیان ماوە، نەبیریش لە زیادکردنی بەرهەم و بەبازاڕکردنی دەکەنەوە، هەموو ئەو هۆکارانەن توێژە پەراوێز خراوەکان ناچنە دەنگدان و بەیەك چاو تەماشای تەواوی پارتە سیاسیەکان دەکەن.
سلکی پەروەردەش بە جۆرێك تێکو پێك دراوە خەریکە لەنێو مامەڵە دارایەکان و حزبیەکاندا ئەودەستی و دەستی پێدەکرێت، قوتابخانەی

تایبەت و حکومی و کۆ ژمارەی ئەوە و ئێرەو زانکۆ ئەهلیەکان قوتابیانی دەسخەڕۆی دوودڵی و رارایی‌ەك کردووە خەریکە ئەوانیش دەخلیسکێنە نێو نەزانی ئەو پلانانەی وەزارەتەکەیان بۆیان دادەنێ، بەم هۆکارەشەوەیە ترازانی زیاتر دەکەوێتە نێوان ئاستی قوتابیان و چینێکی خاوەن دارایی‌ەکی زۆر دەبێتە نمرە کۆو قوتابیی‌ە ماندووەکانیش بە نیگەرانیی‌ەوە سەرنج لە ئەنجامەکانیان دەدەن.
ئەوەی کەزۆر مەبەستە ئەم بارودۆخەی ئێستایە کە هاوڵاتیانی پێدا گوزەر دەکات، سەرەرای ئەوەی بۆکاری پانتایی‌ەکی بەرفراوانی داگیر کردووە، جموجۆڵی بازاڕیش دوای گران بوونی بەهای دۆلار و هەڵبەزو دابەزینی کاڵاکان و بەتایبەتیش سووتەمەنی، باری هاوڵاِتیانی چەند بارە گران کردووە و کەچی شەڕی دەسەڵاتیش بۆ کورسی و تەمەت و خەستبوونەوەی حزبایەتی تادێ زیاتر دەبێ، لەمنێوەندەشدا زیانی گەورە بەر هاوڵاتیان دەکەوێ، چوونکە موچە کەوتێتە دەستی هەردوو حکومەتی تاسەر ئێسقان گەندەڵ و دەروونی هاوڵاتیانی بەجۆرێك تێکوپێك داوە بایی یەك گەرد متمانەیان بە کۆمپانیاکانی بەڵێوەبردنی ئەم نیشتمانە نەماوە، چونکە لە هەر قەیرانێك کە رووە لە وڵات دەکات ئەوان دەستەوەستان دەمێننەوەو پێ دەدەنە موچەی هاوڵاتیان و هەر لەیەکەم ساتەوە بیر لە دواخستن و کەمکردنەوەو نەدانی دەکەنەوە، وەڵێ بەشی خۆیان دەخەنە لاوەو کادیرەکانیانی پێ پێ دەکەن، کە ئەوە لەمێژووی مرۆڤایەتیدا و بەتایبەت حوکمداری زۆر دەگمەنە.
هەموو ئەم هۆکارانە چینایەتی بە جۆرێك زەق کردۆتەوە کە لەدیاردەوە بۆتە مەترسی و پێناچێ بانگەشەو بەڵێنی کۆمپانیاکانی دەسەڵات تۆهەیی ئەم چینانە هۆور کاتەوە، چونکە ئەو شەقارە گەورەیەی درووستیان کردووە بەو تەقەڵە رزیوانە یەکناگرنەوە کە هەمیشە لەکاتی بانگەشەکاندا نێوانەکانی پێدەدرووێنەوە.
بۆیە چارەسەری ریشەیی گەڵانەوەیە بۆ ناو خەڵك و گۆڕگرتنە لەو داواکاریانەی لە شەقامەوە دەردەچن، چونکە چەقی گۆڕانکاریەکان لەوێ لە دایك دەبن، هەروا جێبەجێ کردنی بەڵێنەکان و هاوسەنگ کردنی موچە، کە دەروونی زۆرینەی فەرمانبەران و خانەنشینانی بریندارکردووە، بەتایبەت کە هیچ بەهایەك بۆ ساڵی خزمەت و فەرمانبەرە بەتەمەن و ماندووەکان دانەنراوەو لە بەرامبەردا پلەی حزبی جێگەی گرتۆتەوە، بۆیە دەبێت هەنگاوی هاوسەنگ کردنی موچە یەك لە کارە سەرەکیەکان بێت چونکە ئەوە هەوڵێکی سەرەتایی‌ە و ئاوڕدانەوەیە لە توژە کەمدەرامەتەکان ، خۆ گەڵانەوەی متمانە و شکۆی دەسەڵاتی خۆماڵی هەرچی زووە دەبێت کاری بۆ بکرێ، دواتر بیر لە نەهێشتنی چینایەتی بکرێتەوە کە ئێستا خەریکە زۆر بەزەقی

پانتاییەکانی کۆمەڵگا دادەپۆشێ و بەرنامەکانیان لە خەڵکەوە بۆ خەڵك بێت و ئاراستەی بیرکردنەوەشیان هەر لەنێو خەڵکەوە هەڵێنجن، ئەوسا لە هەڵبژاردنی پەرلەمانیدا دەتوانن دروشم و بەڵێنەکانیان ببنە جێگەی متمانە نەك ترازان.

گۆشبینی و گومان لەمڕۆ بەهاری عەرەبی.. ستیڤان شۆمزینی

(بەبۆنەی دوانزە ساڵەی بەهاری عەرەبی)

لە سەرەتاوە تا ئێستا نزیکەی پێنج مانگ تێپەڕیوە بەسەر شۆڕشگانی وڵاتانی عەرەبی کە لە ئەدەبیاتی سیاسییدا بە "بەهاری عەرەبی" ناوزەد دەکرێت، تا نهێ بەهاری عەرەبی توانیوویەتی دوو رژێم لەسەر کار لاببات. لە سێ دۆڵەتی تردا "لیبیا، یەمەن، سوریا" شۆڕش لە کێپسەندنی بەردەوامدایە، بارودۆخی هەر یەک لەو سێ وڵاتە لە یەکتر جیاوازە، لیبیا دەرگیری شەڕکی ناوخۆیی چەکداریی گەورە بووە، ناتۆ و وڵاتانی رۆژئاوایش لە رێگەی بەردومانی رژێمەکەی "قەزافی"یەوە بوونەتە تەرەف لە جەنگەکەدا. لە یەمەن بارودۆخەکە جیاوازە، جەماوەر تەنیا لە رێگەی خۆپیشاندانەوە داوای گۆڕینی رژێم دەکات، بەڵام دوای بریندارکردنی عەلی عەبدوڵا ساڵحی سەرکی ئەو وڵاتە و ژمارەیەک کاربەدەستی باڵای دەوڵەت لە رێگەی موشەکەوە، پەدەچێت ئاقاری رووبەووبوونەوەی دەوڵەت و جەماوەر بەشێوەیەکی تر بگۆڕدرێت، هەرچی سوریایە بە مامەڵەیەکی بەعسییانە وڵامی داخوازیی خۆپیشاندەران دەداتەوە و تا هێنووکە زەرترین کوژراو لە خۆپیشاندانەکانی ئەو وڵاتە تۆمار کراون بە بەراوورد بە هەریەک لە یەمەن و تونس و میسر و بەحرەین و ..هتد. تا ئێم چرکەساتشی ئەمە قسەی تێدا دەکەین شۆڕش بەهەردوو شێوەی چەکدارانە و ئاشتییانە لە بەشێک لە وڵاتانی عەرەبی درێژەی هەیە.
جیاواز لەوەی چی دەگوزەرێت و چۆن رژێمەکان لە دونیای عەرەبییدا دەگۆڕدرێن، پرسیارێکی سەخت هەمیشە ئامادەیی جیددی هەیە، ئایا ئێم شۆڕشانە دەتوانن سەرەتایەکی نوێی دیموکراسی لە نیشتمانی عەرەبییدا بهێننە دی؟. ئایا بە نەمانی رژێمە تۆتالیتاریی و

دیکتاتۆریەکانی وڵاتانی عەرەبیی، دەوڵەتی دیموکراسی و مافی مرۆڤ لەسەر ئەو جەستە کۆنە لە دایکدەبێت؟. ئایا بەهموو شێوەکی دژی دیکتاتۆریی دەوترێت شۆشی دیموکراتی؟. ئۆگرچی وەڵامی ئەم پرسیارانە وەک یەک نین، بەڵام لە راستیدا هێشتا هیچ دیمەنێک نابینین پەمان بێت لە تونس و میسر کە رژەم تیایاندا گەڕاوە، کاروانەکە بەرەو دیموکراسی کۆتتە ڕ. بە پێچەوانەوە هەندێک ئاماژەی خەترناک دەبینین تەفسیری یەک حاڵەتمان بۆ دەکەن، ئەویش ئەوەیە هێشتا زەمینەی کەمگەی عەرەبییەکان بۆ تاقیکردنەوەی ئەزموونی دیموکراسی و سەرهەڵدانی دەوڵەتگەلێ نوێی لیبراڵ نەخەملیوە، چوونکە ئەو زەمینەیە زادەی سەدان ساڵ لە کولتووری پریمیتیف و بەداوەت و دەیان ساڵ لە حوکمی پۆلیسی و دیکتاتۆریە، ئەمە لە ڕووی سیاسییەوە، لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە فەرهەنگێکی ئاینیی وشکهەڵاتوو تا ئێستا کاریگەریی جیددی هەیە لەسەر هزری تاکی عەرەبیی، لە ڕووی ئابووریەوە زەرینەی وڵاتانی عەرەبی یان لە ریزی دەوڵەتە هەژارەکانن یان دەوڵەمەندن بە سەرمایەی نەوت و لەژێر کاریگەریی ڕەشنبیریی نەوتن کە تاکی بەکاربەری دژە بەرهەمهێنی دروستکردووە، ئەمەش بەهیچ جۆرێک یارمەتی پرۆسەی دیموکراسییەت نادات، چوونکە دیموکراتییەت و پیشەسازیی پێکەوە بەستراون، یان بە مانا باوەکە دوو ڕووی یەک دراون.
بیرمەندی ناسراوی عەرەب "جۆرج تەرابیشی" پێیوایە، بەهاری عەرەبی یان شۆشەکانی عەرەب کە حاڵی حازر هەڵگری پلە یەکن بە سەر رژەمە تەقلیدییەکانی عەرەب، شۆپڵی سێیەمی دیموکراتی جیهانیین، بەو پێیەی شۆپڵی یەکەم لە خۆرئاوای ئەورووپا و ئەمریکا لە دوای شۆشی فەڕەنسییەوە دەستیپێکردووە، شۆپڵی دووەمیش لە ڕۆژهەڵاتی ئەورووپا بە نەمانی بلۆکی ڕۆژهەڵات دەستیپێکرد لە ساڵی 1989، هەرچی شۆپڵی سێیەمی دیموکراتی جیهانیشە ئەم شۆپڵەیە کە لە ساڵی 2011 لە تونسەوە بەرەو کەی وڵاتانی عەرەبی دەکشێت. وەلە ئەم بەچوونەی تەرابیشی جۆرێک لە گەشبینی و پاپشتی و سۆزی تاکەکەسی تێدایە بە شۆشە عەرەبییەکان، بەڵام هێشتا زووە بۆ ئەوەی بڵیار لەسەر ئەوە بدەین ئەم شۆشانە دەبنە ستراکتۆری دیموکراتی لە جیهانی عەرەبییدا، هێشتا زەر ئاماژەی ترسناک هەیە کە هەڕەشە لە ئایندەی شۆشەکان دەکەن، ئۆگەر بە نموونەی میسر بگەینەوە دەبینین ڕەو پەیداکردنی هێزە ئیسلامییە ئسوڵییەکان کارتەکردنی نەرمنی هەبووە لەسەر پرۆسەی بینای دیموکراسی لەو وڵاتەدا، لەمەش ترسناکتر وا خەریکە کۆمەگەی میسریی بەرەو جەنگەکی ئاینیی لەنێوان موسوڵمان و کریستیانەکاندا ڕادەکشن. ڕاستێ قەبارەی مەترسییەکە بەو ئەندازەیە نییە هەموو هاوکۆشەکە بگەێت، بەڵام

ناشۆ لە حاڵی حازردا چاو لەو جۆرە مەترسییانە بنووقێنرێت.
"فەرید زەکەریا" سەرنووسەری گۆڤاری "نیوزیوک" لە وەڵامی پرسیاری خوێنەران لەسەر تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوک لە هەمبەر شۆشکانی وەاتانی عەرەبی، ئاوە دەخاتە روو ئەم دەخە، هەمان دەخی ساڵی 1989یە، واتە دەخی دوای رووخانی دیواربەندی بەرلین، بەڵام لەگەڵ ئەمشدا دەبێت تێبینی ئاوە بکرێت وەاتانی عەرەبی، کۆمەڵگەکانی رۆژهەڵاتی ئاوروپا نین، لەبەر ئەم فاکتەرە پرسەی گەلان و وەرچەرخان بەرەو سیستمی دیموکراتی بە هەواشی و بە پلەی پرسەیەکی زەمەنی دەبێت، ئەمە بەجگە لەوەی لە ئێستاوە بە روونی لە تابلۆکەدا ئاوە دەبینرێت، ئەم پرسەیە هەموو وەاتانی عەرەبی پێکاوە ناگرێتەوە. زەکەریا ئاوەش دەخاتە روو پرسەی گەلانکاریی لەو وەاتانەی خاوەنی شلەی نەوتن، خەراتر و کاریگەرترە وەک لەوانەی هیچ نەوتیان نییە، بەو پێیەی پتاوی ژێرخانی ئابووری و هەبوونی بژاوێیەکی باش بە تاکەکەس هەرچی زیاتر پرسەی گەلانی کۆمەڵایەتی و گەلان رووەو دیموکراسی خەراتر دەکەن. ئەم بۆچوونەی زەکەریا دیسانەوە پاڵپشتی لە هەمان دیدگا دەکات کە پێوایە دیموکراسی تەنیا بە ئیرادە و میکانیزمی شۆشگەلانە ناهێنرێتە دی، چەسپاندنی دیموکراسی پێش هەر شتێک پێویستە بە هەبوونی کۆمەڵێک زەمینە و پێشمەرجی سیاسیی و فیکریی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە. لەسەر راستیی ئەم پرنسیپە ناتوانین بە هەموو شۆشە عەرەبییەکان بڵێین شۆڕشی دیموکراسی تەنیا لەبەرئاوەی دژی رژێمێکی دیکتاتۆریی بەرپاکراون، نەخێر ئەمە ڕەسایەکی ماتماتیکی نییە کە هەمیشە یەک کە یەک بکاتە دوو.
لەگەڵ خستنەرووی ئەم گومانانەشدا، هاشا لە دیوە ئیجابییەکانی شۆشە عەرەبییەکان ناکەین، بەپێچەوانەوە ئەمە سەرەتایەکی نوێیە لە جیهانی عەرەبدا و وەک فەیلەسووفی فەڕەنسی "ئەدگار مۆران" بۆی چووە ئەم شۆشانە وەنای عەرەبیان لە جیهاندا گەیوە، کە هیچ دوور نییە ئەم گەینەی رژێمەکان، سەرئەنجام ببێتە گەلانکی سەرتاپاگیر لە کۆی کایە و بوارە جیاجیاکانی ژیانی تاکی عەرەبدا، بەوەش کولتووری دیموکراتی زیاتر گەشە بکات. بەڵێ قسەی ئەمە لەسەر خودی شۆشەکان نییە، چوونکە هیچ لاریمان لەوە نییە، شۆشی گەلانی عەرەبی شۆشی ڕەوان و رژێمە عەرەبییەکانی ئێستا تەنیا شایستەی ڕووخاندنن، بەڵکو قسەی ئەمە لەسەر ئاوەیە ئاخۆ ئاکامی شۆشکان بە کوێ دەگەن؟. ئایا شۆش دیموکراتی بەرهەم دەهێنێت یان توژێکی دیاریکراو بە ماوەیەکی زەمەنی دیارینەکراو دەکاتەوە بە حوکمەران؟. یان ئیسلامی سیاسیی بەرهەمەکەی دەچنێتەوە؟. بۆشاوەیەکی گشتیی هەموومان تەنیا سەیری ڕوتی رووداوەکان دەکەین، هەم گشبینین و

هەم گومانمان هەیە، واتە بارودۆخەکە بەشێوەیەک لە نگەری گرتووە لە نێوان گەشبینی و گوماندا رابوەستین و چاوەڕوانی وەرچەرخان و پرسەکانی داهاتوو بکەین، ئاخۆ شەشەکانی وەک تانی عەرەبی دەبنە مامانی دیموکراسی یان نا؟.

ستیڤان شەمزینی

تێبینی: ئەم وتارە لە ژمارە "5506"ی رۆژنامەی "کوردستانی نوێ" لە 15-6-2011 بڵاوبۆتەوە

نمونەی چەند وانەیەک لە وانەیەکی ناهێنداو.. عەلی حەمەشید

سەرپەرشتیاری پەروەردەیی

ئاشکرایە کە باخچەی منداڵان تایبەتمەندی خۆی هەیە بەگشتی و بەتایبەتی لە بواری وانە وتنەوە و فێرکردندا.چونکە منداڵانی باخچە سەرەتای دروستبوونی کەسایەتییانە و ئەو قۆناغەش هەستیارە و وا پێویست دەکات کە مامۆستایان بە وردی و وریاییەوە هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا بکەن و زانیاریەکانیشیان لەشێوەی چیرۆک و هۆنراوە و شانۆیی و یاریەوە پێبەخشن ،وانەکانیشیان یاری ئامێز بێت و وەرزش و چالاکی جەراوجەر کە بگونجێت بە ئاستی تەمەنی ئەوان بکاربهێنرێت.هەروەها ئەو چیرۆک و هۆنراوانەش کە مامۆستایانی بەکاردەهێنن دەبژێرن و بە منداڵانی دەڵێن گونجاوبێت بە منداڵانی باخچە و پێوەندیشیان هەبێت بەو بابەتانەوە کە بە منداڵانی دەڵێن.وەک لێژنەی باخچە ناحکومییەکانی بەڕێوەبەرێتی گشتی پەروەردەی سلێمانی و بە مەبەستی زیاتر ئاشنا بوونی مامۆستایانی باخچە ناحکومییەکان دەربارەی شێوازی وانە وتنەوە و چۆنێتی بکارهێنانی هەڵەکانی فێرکردن و هەست و کێوت لەگەڵ منداڵانی باخچەی منداڵان ، باخچەی منداڵانی کوردجینیس/٢ ی ناحکومی لە چالاکییەکدا نمونەی چەند وانەیەک لە وانەیەکی ناهێنداو کە لە وانەی وەرزش و شانۆ و

زانست و میوزیک و هونەر پێکهاتبوو لەلایەن چەند مامۆستایەکەوە بەسەرکەوتوویی پێشکەش بە مامۆستایانی ئامادەبووی باخچە ناحکومیەکان کرا کە لەهەر بەشێکدا چالاکی و جوڵە و هەی فیرکردنی نوێ و گونجاو و جیاواز خرانەڕوو کە منداڵان بەپەرۆشەوە لەگەڵ گوێگرتن لەمامۆستا بەشداری وانەکانیشیان دەکرد و خۆشی و حەزکردن بەوانەکان وەک هاوسەنگ بە هاوخساریانەوە دیاربوو،ئاوێتەی جوڵە وەرزشییەکان و گۆرانی و هەڵپەڕکێ مۆزیکییەکان و وتووێژو قسەکانی (مشکبار) کە لەشێوەی بوکەڵەدا نمایش دەکرا و تا کۆتایی وانەکانی تریش ئاوێش جار جار بەشداری دەکرد و وەک ئامادەبوویەکی ناو وانەکە ،شۆوازی وتنەوەی هەنراوە بە ئاوازو گۆرانی و توت توتی ئاو شەماندەفەرەی کە مامۆستا وەک چالاکی و جوڵە بە منداڵەکانی کرد وا هەستیان دەکرد کە لەو ساتەدا هەر بەڕاستی لەناو شەماندەفەردان و دەچن بە گەشت،دوو مامۆستا لەسەرەتای دەستپێکردنیان بە وانەیەکی تر یەکەکیان گوڵەکی پەمبوو وتی من ئەمڕۆ زۆر دڵخۆشم کەلەگەڵ ئێوەم ،دواتر دای بە یەکەم منداڵ و داوای لێکرد کە ئاوێش هەمان دەستواژەی وتەوە و گوڵەکەی دا بە منداڵەکەی تر ئاوێش بەهەمان شێوە وتیەوە و تا کۆتایی هەر منداڵێک وەریدەگرت دەیوتەوە کە ئەمەش نواندنی خۆشەویستی مامۆستا دەردەخات بە منداڵەکان.دواتر مامۆستا چیرۆکێکی بە گۆرانەوە بۆناوی جوجێ.جوجێ و ئامۆژگارییەکانی دایکی جوجێ و دواتر چوونەدەرەوەی جوجێ و فڕامۆشکردنی قسەکانی دایکی کە (هەوای ئۆتۆمبیلێکی تیژڕەو دەیخات بەزەویدا و دەیگەیەنێ پزیشکی تایبەت بە گیاندار و باڵندە چونکە وەک چۆن پزیشکی تایبەت بەمرۆڤ هەیە بەو شێوەیش پزیشکی تایبەت بەوان هەیە).باسکردنی پیشەی دارتاشی و پزیشکی کەیەکەکیان بابەتی وانەی پێشووبوو وای لە منداڵان کردبوو کە بەشێوەیەک تامەزرۆ بوون وەک لە شاری یاری یان لەسیرانگەیەکدا دانیشتبن وابوو،کەمێک لەو پێداویستییانەی کە دارتاش بە کارکردن بەکاری دەهێنێ وێنەکانی بە بچوکی دانرابوون و مامۆستا لەکاتی وانەکەدا نیشان منداڵانی دەدا،وێنەی دارتاشێک بەگۆرەیی ،دواتر سندوقەکیان هێنا کە یەک یەک منداڵانیان بانگ دەکرد تا دەست بکات بە سندوقەکەدا هەر شتێکی دەرهێنا ناوەکەی بڵێت کە سەرجەمیان پێداویستیەکانی دارتاش و پزیشک بوون یان ئەو کارەستانەی کە پەیوەندیان بەو دوو پیشەیەوە هەیە.چەند جوان و سەرنجڕاکێش بوو کە یەکێک لە مامۆستاکان خوێ خست و وتی ئای ئای قاچم منداڵەکیان نارد کە بچێت بەدوای پزیشکدا کە لەو دیو دەرگاکەوە منداڵەکیان دانابوو جل و بەرگی پزیشکیشی لەبەردا بوو هاتە ژوورەوە کەجوان بوو خۆرا تەماشای قاچی مامۆستای کرد و وتی هیچ نییە و لەزگە و شتی بە بکار هێناو وتی زۆر باشە

ئازارکشت نامێنێ،لەوکاتدا (مشکبڕ) بانگی کرد و پرسیاری لێکرد زڕ بەجوانی وەڵامی دایەوە،لەئاستیدا ئەنجامدانی ئەم جۆرە چالاکییانە لەگەڵ ئەوەی کە وانەکە لای منداڵ خۆشەویست دەکات و لەبابەتەکەش بەباشی تێدەگات،لەیادەوریشیدا دەمێنێتەوە،هەروەها وا لە منداڵ دەکات کە زیاتر بەوای بەخۆی ببێت و توانای خووبەخووبوونەوەی کەسانی تری هەبێت و بە شێوەیەکی باش وەڵامی گونجاویان بداتەوە.لەبەشێکی تردا باسی نیشتمان و هەرێم و شارگۆڕکانی هەرێم کرا و وێنەی شارکانیش بەشێوەیەکی جوان دانرابوون.وەرزش بەشێوەیەکی جوان لەگەڵگەی چەند یارییەکەوە کە بووە مایەی زیاتر دڵخۆشکردنی منداڵان.پێویستە مامۆستا پرسیار ئاراستەی گشت بکات و وەڵام لەیەک منداڵ وەربگرێت ،دواتر ئاگادار ویستی دەتوانێت داوا لە منداڵانی ژوورەکە بکات کە دووبارەی بکەنەوە،کە بەو شێوەیە منداڵ فێری ئارامی و یاسای پێل و لەخۆیەوە وەڵام نادانەوە تا داوای لێدەکرێت.لەبەشی مەزیکدا گۆرانی شاری سلێمانی و ئاڵای کوردستان وترا و دروستکردنی ڕیتمی مەزیک بە دوو داری بچوکی درێژ کە منداڵان چڕێکی تایبەتیان لەوەردەگرت.لەبەشی هونەریشدا مامۆستا منداڵانی بەشێوەی گروپ داناو پێداویستییەکانی دروستکردنی وێنەیان خرایە بەردەست کە بڕیتی ئاوی و ئاو و لاکێشەیەکی بچوک کە هەریەکەیان لە شش داری چلورە دروست کرابوو کە مامۆستا ڕێنمایی کردن تا ئاڵای کوردستان دروست بکەن،چەند جوان بوون هەریەکەو سەرقاڵی ڕەنگکردن و دروستکردنی ئاڵای کوردستان بوون،ئەوەی کە پێویستە بوترێت ئەوەیە کە مامۆستایانی بەشداربووی ئەم چالاکییە بەحەزێکی زۆرەوە بە منداڵ و بە وانەکەیان وانەکانیان دەوتەوە،هەموویان تەواوکاری یەکتر بوون لەبابەتەکاندا و زۆرجار واتدەزانی کە یەک وانەیە کەئەمەش سەلیقە و توانا و شارەزایی مامۆستاکانی دەسەلماند و گیانی هاوکاری و یارمەتیدانیان کردبووە بنەما بە سەرکەوتنی کارەکانیان،دەستخۆشی لە کارگێڕی و مامۆستایانی باخچەکە دەکەین،لەکۆتاییدا هیواخوازین کە مامۆستایانی ئامادەبوو سودیان لەو چالاکییە وەرگرتبێت تا بتوانن لەگەڵ زانیارییەکانی خۆیان ئاوێتەی بکەن و لەباخچەکانی خۆیاندا بەکاری بهێنن.ئەمەش وەک لێژنەی باخچە ناحکومییەکان لەکۆتاییدا دەستخۆشی و تەبینی و سەرنجی خۆمان خستەڕوو بە زیاتر بڕەوپێشچوونی هەمووان و چالاکییەکانی ناو وانەکەم بەشێوەی هێناوە بە ئامادەبووان خوێندەوە کە لەکاتی بەڕێوەچوونی وانەکەدا لەگەڵ تەبینییەکانمدا نووسیبووم کە بووە مایەی خۆشحاڵی بە هەمووان ،وا لێرەدا دەینووسم:

وا باخچـــــــەی منـــــداڵانی..کوردجینیـس گشت ئامادەن
بـۆچـــالاکی جـەرا و جـــەر..پـشـــوازیتان لـێدەکـــــــەن
...
بـــەئـــــاوازێکی دڵگـــــــیر..دڵـــان بـەخـێربـێن هـەمـــــوو
بـە هـــــا تـنتان خـۆشحـــاڵین..باخچـەکـەمـــان جوانتر بوو
...
ئـەم وانـەیـە زۆر خـۆشـــــــە..بوو بـە شـــــــانـەی بوکـــــ
یاری و وەرزش و مـــــزیک..گـەرانیشی لـەگـــــــــــــــــ
...
مامـۆستاکانیش یـەک یـەک..چـــــــــالاکییان دەنـوێنن
توانا و شـــــــــارەزاییان..بـە بـاشی بـەکـــــــاردێنن
...
خـە چـــالاکی جـەراو جـەر..لـەگـــــە وانـــەی ئـاهـەنان
بـەســـــودە بـە مامـــۆستا..لـەنـو باخچـــەی منداڵان




KGS
Kurd Genius Kindergarten 2
Slemani Heights
0770 549 0606


KGS2
KGS
Kurd Genius Kindergarten 2
Slemani Heights
0770 549 0606



حەیا.. پشکۆ ناکام

قسەکانی دۆنەتان هەر لە گومانایە: بۆغا موفلیسە…پوڵە نینۆ…نەوتی خەمان بۆ خەمان و هی خەیان بۆ خەیان ..ئەبین بە دوو دراوسێ ی باش…گەر سوپای عێراق ڕاست ئەکا یەک بست قاچ بخاتە کەرکوکەوە …و ..و …، ئەمانە و دەیان هاژەهاژ و تەسریحی نەزانین و لەخۆبایی بوون و بە ئەقڵی ، لەوەوە بۆ ڕاست کردنەوەی باری لەقیوتان دوای " تاپۆی ڕەشی ئیفڕاندم !!" بەرپرسی واتان هەبوو ئەیووت من پورم عەرەبە و یەکەکی تر خاڵەژنی ، گەر بەیان بکرایە بە دیسداشێ و "چەفیە" وە ئەسوانەوە ، بە قوڕگەکی پڕ لە گریانەوە ئەتانووت : تکایە دەرگای گفت و گۆمان لەسەر دامەخن..! ، دۆنەمەژووە کە ناتوانرێ لە قوژبنی زیندانێ تاریکەکانی ئاسایش و پاراستن گووم بکرێ ، ئەمەشتان وا بۆ بەرچاوی خەمانەوە ئەتانبینین چۆن تەسلیم بۆ بۆغا بوون ، ئەو کەسەی بەرامبەر نیارەکەی " وەک خەتان ئەڵێن شۆڤینیزمی عەرەبی" چەمایەوە و تەسلیم بوو هەر چەک ناکرێ لەوانەیە تا گەڕوییەکانیشتان پێ دا بکەنن و هەر ئەوەش مەمنوون ، ئەمە مەنتیقی براوە و دەڕاوە ، هەڕەجار.. سودفەیەک بیرتان لەوە نەکردەوە بۆ میللەت بچەمنەوە ، سیاسەت و میللەت بەختەوە بردن قومار نیە چاوەڕێ

جەکەر یان وەرقەی حەوزەکە بیت ،، کە نەتانزانی "ئابووری سەربەخۆ" چیە ، بخەن دەرتان بێ ..گەر چی وەک هەموو شکستەکانی ترتان ئەمجارەش باجەکەی ئەکەوێتە سەر شانی خەڵک ، لەگەڵ ئەوەشا دیمەنی تەسلیم بوونتان تەسکینیەک بێ دڵی ئەو خانە نشینەیا ئەیا کە لەژێر گەرمای هاوینا بێ پانکەپستە چاوەڕێ ی معاشێ دووسەد هەزار دینارەکەیەتی، ئەوە واتانزانی ئابووری سەربەخۆ ئەو پارە مفتەیە کە کاتی خۆی لە "کەرەج و سەقز" وەرتان ئەگرت و سەربەخۆ بوون لە سەرف کردنی، ئەوە هیچ دەمەک میللەتان نەئەبینی و پارەی نەوتەکەش ئەوەندەی تر بەرچاوی گرتن تا ئەو ڕادەی دەرکەوت حساباتەکانتان چەن بێ بنەما و نا ئەقڵانی بوون و واتان ئەزانی "تورکیا" بێ بەرتیلی نەوت بەردەم و پشتان وەک" قەڵغانەکەی جەنگیز خان" ئەتانپارێزێ ، پەلە مەکەن ئەمە هەشتا موقەدیمەی فیلمەکەیە ، مەژوو پڕە لە جۆرە فیلمانە ، لە کوێتانە کە بەرژەوەندی تورکیا چەن ماڵی خەتان و میللەتیش دائەمەنێ ، سبەی بێ سازش کردنەک بێ عەڕاق ڕەک ئەکەون و سوپای عەڕاقیش ئەگاتە سنوورەکان و ئەو هەموو مەسرەفەی سوپای تورکیا لە هەرەم! لە کێ ئەنقەرە ئەبێتەوە و مەلەفی کەشەی "پ.ک.ک" تەسلیم بێ عەڕاق ئەکرێ، بەس پەلە مەکەن ، جا ئەو کاتە بەرداشی سێ کوچکەی قەندیل و تورکیا و عەڕاق وەک شەقشەقە ئەتان هەنێتە هەڵەکە سەما …

بەواتان هەبێ ئەوانە خراپکاریتان بەرامبەر بێ خەڵک کردوە کە نەمانی نەوتیان پێ باشترە گەر نەمانی ئەوەی لە دەسەاتا پەوە بێ ، بێ خەڵک زەرەر لە نیەوەی بگەێتەوە و بێ ئەوەش ڕەنگە شکستی کەتایی هەنان پێتان ، خەڵک نەبوونی و بێ دەرامەتی زەری بێ خەیەوە دیوە ئەوە ئەوان لەوەتەی هەن بەبێ کیسە پارەی خێ خستنە خزمەتی ئەم یان ئەو ناژین ، ئەووترێ "حەیا" قەتریەکە کە ڕژا ئەژێ ، حەیا لای ئەوە "تانکەرە نەوت" بوو لە ناو تورکیا ڕژا…

ئامانج و بەرژەوەندیەکانی تورکیا لەبەرامبەر کورد.. م/

□□شنا □□قیب گرتکی

پەیوەندی تورکیا لەگەڵ کورد و بەتایبەتی هەرەمی کوردستان پەیوەندیەکی مێژوویی و هاچڕخ، بەجیا لەگەڵ پارچەکانی تری کوردستان کە تاکو ئیستا ئازاد نەکراون، بەدوو دیوی جیاواز تورکیا □□□ دەگەڵ□□ت لەلایەک بە بەرژەوەندیەکانی خۆی و ستراتیجیەتی ناوچەکە هاوپەیمان و دۆستی کورد، لەلایەکی تر وەک دوژمنێکی سەرسەختی خۆی دەوانێتە کورد بەتایبەتی لەگەڵ ئەو پارچە کوردستانیانە کە هیشتان لەژێر چەپۆکی دوژمنانداان، ئەو □□□ی تورکیا دەگەڵ□ت بە بەدەستهێنانی متمانەی خۆیەتی بە ئەوەی بەردەوام باڵادەست بێت لەناوچەکەدا، لەلایەکی تر ئەو پارچە کوردستانەی کە ئازادی تیادا بەرقەرا□□ دەبێوەت ئەو ئازادیە نەهێ□□ت و بەجارێک سیاسەت لەگەڵ ئەو بەشە دەکات وەک بەرەین داوابکات ئەمە خاوەنی ئەو خاکەین و پێویستە بگەڕێنەوە، چەواشەکاری و دوژمنایەتی ئەو دەوڵەتە لە زەر □ووی زیانەوە پەوە دیارە کە نایەوێت کورد سەرکەوت و بێت و □□□کی کاریگەری هەبێت لەناوچەکە، قەرغ کردن و کوشتنی کورد بەدەستی تورکەکان لەکەنەوە تاکو ئیستا بەردەوامی هەیە و دەستیش هەڵناگرێت، ئامانجی تورکی داگیرکەر بە سینەوەی نفوسی کوردە ئەمەش بەتە ئەستەم بە ئەو دەوڵەتە کەبتوانێت ئاو کارە بۆئەنجام بگەیەنێت، هندە لایەنی کوردیش بە سەرخستنی ئەو دەوڵەتە □□□ دەگەڵ□ن ئەمەش بەجارێک دەردەکەوێت کە نایانەوێت سیاسەتی دەوڵەتی تورکیا لەناوچەکە کەتایی پێ بێت و ببێتە تەکچونی □□□ی راستەقینەی ئەوانیش، لەکەتایی لەکەوتەکان دەردەکەون کەبەزەری کورد تەواو دەبەت و تورکیا وەک دوڵەتێکی دژە کورد □□□ی دەردەکەوێت، کورد لەسەرەتای دەرکەوتنی ناتفاق بووە لەنەومای خۆی ئەمەش دەرفەتی بە بێگانە □□خساندوە باڵادەست بێت و ترسی نەبێت لەهەبوون و گەورەبوونی کورد لەناوچەکە، یەک هەوڵستی بە کورد دەسپێکی سەرکەوتنێکی مێژووی دەبێت و زیاتر □□گای ئازادی فراهم دەبێت و حسابێکی جدی دەکرێت بە کورد و دژایەتیکان کەمتر دەبنەوە.